سەرۆک کۆمار: عیراق پێویستی بە پلانی ستراتیژیی تۆکمە هەیە بە بنبڕکردنی بڵبیابانبون و روبەڕوبونەوەی گەردانی کێشوەڵوا

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال رەشید لە دوبەی چاوی بە ئەندامانی وەفدە عیراقییەکانی بەشدار لە لوتکەی نەتەوە یەکگرتوەکان بە کێشوەڵوا (COP28) کەوت، کە کارەکانی لە ئیمارات بەردەوامە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی کۆمار لەمیانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ یەکشەممە 3-12-2023 بەڕێوچون و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و پسپۆڕانی بوارەکانی ژینگە و وزە و تەکنەلەجیایان لەخۆگرتبو، سەرۆک کۆمار بەشداریی وەفدە عیراقییەکانی لەم کۆنفرانسە و هەوڵبەرچاوەکانیانی بەرزنرخاند لە قوەکردنەوەی پێوەندییەکانی عیراق لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بوارە جیاجیاکاندا، بەشێوەیەک کە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات بەدەستبهێنێت.
سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوەکرد، عیراق پێویستی بە پلانی ستراتیژیی تۆکمە هەیە لەپێناو بنبڕکردنی بڵبیابانبون و روبەڕوبونەوەی گەردانی کێشوەڵوا، سەرەڕای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نوێ لەبارەی ئاو لەگەڵ ئێو وڵاتانی سەرچاوەی ئاوکێن، پێویستیش لەمبارەیەوە پاڵپشتی هەوڵەکانی حکومەت بکرێت.
هەروەها بەرزیان جەختیکردەوە لەسەر بایەخی کاراکردنی میکانیزمەکانی هاوئاهەنگی و پتەوکردنی پێوەندی نێوان سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەران لەم بوارەدا و

ڕێککەوتن لەسەر پلانێکی یەکگرتوی کارکردن و یەکخستنی دیدگا و هەوڵەکان بە بەهێزکردنی بەیاری عیراق و شەوازی دانوستاندن لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان بە بەدەستهێنانی دەرئەنجامی ئەرێنی، کە لە بەرژەوەندی وڵاتدایە.

سەرۆک کۆمار باسی لەو دیدارانەش کرد، کە لەگەڵ سەرۆک و سەرکردەکانی وڵاتان و ڕێکخراوە بەشداربووەکانی (COP28) ئەنجامی داوە، سەرەڕای تیشکخستنەسەر ئەو دەرئەنجامە ئەرێنییانەی لەو دیدارانە کەوتونەتەوە بە فراوانکردنی ئاسۆی هاریکاری و پتەوکردنی پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی عیراق، کە دەبنەهۆی هاتنەکایەی کاری هاوبەشی ستراتیژی لە بوارەکانی ئابوری، تەکنەلۆژیا، وەبەرهێنان، ژینگە و وزە.

لە دیدارەکەدا، بەڕێز د.فوئاد حسێن جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە، نزار ئامەدی وەزیری ژینگە و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و پسپۆڕان و ڕاوێژکاران ئامادەبون.